# خاتوو سروە مەرگەیی شاعیر: ئەمەوی بەشیعر دنیایەک دروست بکەم پربی لەراستگۆیی وجوانی مرۆڤانە؟!! ...

## دیداری/محمد سیاسی ئەشکەنەیی



ئەوەی باوەری بەشیعر نەبی ناتوانی دنیای جوانی مرۆڤ ببینی، ئەوەی شیعرێکی نەخوێند بێتەوە نازانی ناخی مرۆڤایەتی چەند بە ئازارە و شاعیر چەند ئازاری چێشتووە تاکو بوەتە خاوەنی ئەو بەهرەیە بۆیە بەباشمان زانی شاعیرێکی شاری رانیەی هەست ناسك بدوێنین بەچەند پرسیارێك ئەویش (سرووە مەرگەیی) یە کەجیا لە بوارەکەی خۆی ئەندامی کۆمیتەی رۆژئاوای (ی، ن، ك) وەولەکاری رێکخستنیشدا دەوری بەرچاوو کاریگەری هەیە وبابزانین سروەخان چیمان پی دەڵی بەشیعر:

پ1/بۆچی بویت بەشاعیر؟

سرووە مەرگەیی//دیارە کۆمەڵێك ئازارو موعانات لەناخی مرۆڤدا هەیە کەمرۆڤ ناتوانی بە شێوازی خۆی دەری ببری، بەڵام باشترین وجوانترین شت بۆ دەربرینی ئازاری ناخ و هەستی مرۆڤەکان و کەدنیایەکی جوان ئەخولقێنی شیعرە، بۆ خۆم لەم بوارەدا بینیەوە تاکو لە رێگای شیعرەوە هەم خزمەت بەئەدەبی کوردی بکەم و هەم موعانات و ناخی خۆشم لەشیعردا بخەمە روو .

پ2/تائێستا چەند شیعرت نوسیوە و شیعر لەدیدی تۆدا چیە؟

سرووە مەرگەیی //زیاتر لەپەنجا شیعرم نووسیوەو شیعریش ئەو دنیا جوانەیە، دنیایەکی بەرائەتە، دنیایەکە لەمنداڵ پاکترە، دنیایەکە پەپولە تیایدا سەما دەکات .

پ3/ئەتەوی بەشیعر چ دونیایەك دروست بکەی؟

سرووە مەرگەیی //ئەمەوی دونیایەك دروست بکەم پربی لەراستگۆیی پربی لە جوانی بەهاجوانەکانی مرۆڤی تیایدا رەنگ بداتەوە بەتایبەتی ژنان، کە ژنان و کچانی ئێمە بەتایبەتی لەو سەردەمە ی ئێستادا کەبەرەو پێش کەوتن دەرۆین هێشتا مەغدورن لەزۆر لەمافە سەرەتاییەکانی خۆیان بێبەشن،

پ4/شیعرەکانت بەرگری لەژن دەکەن یان لەپیاوان؟

سرووە مەرگەیی //لای من جیاوازی لەنێوان ئەو دوو رەگەزە نیە گەر خاوەن ئازارێك و موعاناتێك بن! گرنگ ئەوەیە ئەوەی من دەینوسم لەناخێکی راستگۆ یانە دێتەدەری پرە لەئازارو مەینەتی، کەئەو ئازارەی ژنان کەرۆژانە بەدەیان شێواز پێوەی دەناڵێنن .

پ5/شیعرو خۆشەویستی تاچەند نزیکیان هەیە؟

سرووە مەرگەیی //هەردوکیان ئاوێتەی یەکترین، گومان لەوە دانیە ئەگەر خۆشەویستی نەبی شیعر نانوسری، ئەگەر شیعریش نەبی خۆشەویستی ناتوانی ئەوجوانیەی هەبی کارتێکەری ناخەکانی مرۆڤ بی، وەئەگەر شیعریش نەما خۆشەویستی لەدەریایەکی پا کو بێگەردەوە ئەبێتە بیابانێکی وشك .

پ6/ئازادی هەیە لەشیعردا؟

سرووە مەرگەیی //بەڵی بێگومان ئێستا ئازادانە شیعرەکانم دەنووسم هیچ لەمپەرێك نیە رێگەم لی بگری لەم بوارەدا ناخم چۆنبی هەستم چۆنبی ئەو ووشە چۆن هەڵقوڵی لەناخم دا وای دەنووسم، وەبە ئازادانە شیعرم بۆ رەگەزە جیاوازەکان نوسیوە.

دواووتەت //

سرووە مەرگەیی /هیوادارم ئەو کچانەی کە دەستی نوسینیان هەیە و هەشیانە بەڵام ئێستا لەماڵەوەن کەبۆ خۆیان ئەو دەرفەتەیان بەخۆیان نەداوە نەهاتوونە مەیدان بەشداریان لەکۆڕەکاندا نەکردووە ئەو ئازادیە بەرەوای خۆیان بزانن کەبێنە مەیدان نوسینەکانیان پێشانی ئەو شاعیرانە بدەن کەساڵانێکە دەنووسن بۆئەوەی ئەوانیش شیعرەکانیان ئازاد بکەن و خۆشیان ئازاد بن.